www.kurdistannet.org
28/05/2002 00:26

# هەناسەیەک لە دورگەی بەفر

جوتیار

*بۆ گولەکەی ئەوبەر زەریا*

ئەمشەو. . .

تەنیایم،

لە رەهێڵەی بەهاری عیشقی تۆدا

شکۆفە ئەکاتوو

بەستەلەکی زستانی تەمەنێک

لە چاوەروانی وەرزی جوانیتدا ئەکوژێ. .

دە تۆش وەرە ببە نەشئەی ئەو حەزە وێرانەو

چەند چرکەیەک

سەرخۆشی پێکی حەزەکانتم کە. . .

تۆ خەریکە دەبی بەهەناسەیەک و

تێکەڵ بە هەموو ئەو هەنسکە

بریندارانە دەبی

کە رۆحمیان لەگەڵ شەپۆلەکانی

www.kurdistannet.org
28/05/2002 00:26

ئەو بوونە بۆهیمیەدا

بەرەو کەناری عەسرە تەزیوەکانی

ئیشق برد. . . . . .

تۆ شۆختری لە ئەندێشەکانی ئەو حەیرانبووەی

کە سیحری

نیوەشەوێک هەلیدەگرێت

بۆ باوەشی یارەکەی. . . . . . . .

تۆ شۆختری لەهەموو ئەو ووشانەی

کە بونەتە ناسنامەی

تەمەنی رێبواریم. .

من لە رێگا بیرندارەکانی

بەختەوەریم ، دەمەوێ تۆ بکەم

بە ئەدرێسی سەر ئەو پەراوەی

کە گەرەکمە بۆ دواین

ولاتی خەونەکانی بنێرم، ئەی شوخ. . . . . . . .

من مەستترم لەو بەفرەی

کە لە سەحەری بێداریتا

کەلو کەلو

ئەنیشێتە گلێنەی نیشتیمانی نیگاکانت.

ئەی کچەکەی ئەوبەر

زەریا

تۆئەو زەردە خەنەیەی کە سیمای

کۆرپەیەک ئەگەیێنت

بە ترۆپکی بەرائەت. . . . . . . . .

تۆ وەک ئەو باڵدارە هەلفریوەی

کە بە ئاوازی فیکەی راوچی یە

درۆزنەکان نایەتەوە بۆ سەما,

من خەریکە پیردەبم بەدیار

پەرە وەریوەکانی ئەو ئاسمانەی

کە باڵەکانتی بەشەردا

لەگەل رەشەبادا,

دە وەرە

ئەو ئافەریدەی

کە لە هەموو سپێدە خەمۆکیەکانی

www.kurdistannet.org
28/05/2002 00:26

ئەو وەرزەمدا ئەژێیتەوەو

ئەمکەی بە تۆبەدارێک

لەبەردەم پەرستگای ئەو عیشقە

سەر شێتانەیەداو

ناهێلی بۆ ساتێکیش

لە نێوان

مەوداکانی بوون و نەبوون دا

رەها ببم,

تا پێت بلێم. . . . .

من تەنیا شەیدای هەناسەیەکم

کە لە دوورگەکانی

بەفرو و

تەموو

مەملەکەتی

خەمی کچە لە تەرزە

دروستکراوەکانی خوداوە دێ. . .

**ئەپریلی2002**